www.kurdistannet.org
11-10-2006 7:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نەبونی سیقە لەنێوان دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، کەناتوانن بەزمانێکی سەردەمانەو زمانێکی رۆش! نبیریا نە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکەن... !! ئا: رێژین ئیبراهیم

Rejin_e_kurd@yahoo. com



ماوەیەکی زۆرە هاوڵاتیان بەتایبەتی گەنجان بێزارن لەبەرێوەچوونی دەستەڵات ئەو ناعەدالەتیە کە هەیە لەناوازارەکاندا و هەروەها نەبوونی ئاو ، کارەبا لەولاوە بوەستی، لەبەرامبەرئەمانەداچەندین خۆپیشاندان روویدا، تائێستاش حکومەت رێگەچارەیەکی بەپەلەی دانەناوە، زۆربەی ئەو کەسانەش کە لە خۆپیشاندانەکەدا بە زۆری رۆڵی دەبینی گەنج بوون، زۆر بۆچوون و تێروانینی جیاواز هەیە سەبارەت بەم خۆپشاندانە:

فاروق مەحمود تەمەنی 25 ساڵەو خوێندکاری زانکۆیە و دانیشتوی شاری سلێمانیە فاروق پێی وایە " هەموو تاکێك لەکۆمەڵدا گەنجان مافێکی رەوای خۆیەتی کە بەزمانێکی مەنتیقی داوای مافەکانی خۆی بکات" تا ئەوکاتەی دەستەڵات بەدەم داواکاریەکانیانەوە دێت، بەڵام ئەی ئەگەر "حکومەت نەهات بەدەم داواکاریەکانیەوە "، ئیدی هاولاتی و بەتایبەتیش گەنجان مەنتق نازانن و ناچار دەبن پەنا بەرن بۆ شێوازێك لە هەڵچون ئەم هەڵچونەش دەرئەنجامەکەی ناعەدالەتی دەستەڵاتە" لەدرێژەی قسەکانیدا فاروق ووتی من رۆژێك لەرۆژان چاوەروانی ئەوە نەبوم کە هاوڵاتیان بەتایبەتی گەنج بێنەسەرشەقامەکان و خۆپیشاندان و بەردە فرکی بکەن دژی حکومەتێك کە هاوڵاتی و گەنجانیش بەپێی خۆیان دەچوون بەرەو پیری دەنگدان و دەنگان پێدەدان، هەروەها فاروق پێی وایە گەنج رێگە نەمابێت بیگرێتە بەر بۆ داخوازییەکانیان هەرلەمانگرتن و یاداشت بەرزکردنەوە ئیمزا کۆکردنەوە تارادەیەك شەرەبەرد لەگەڵ دەستەڵاتدان فاروق دەڵێت " ئەگەر بەگەنجێك بڵێیت بالەرێگەی کۆنسێرتێکەوە داوای مافەکانی خۆیان لەحکومەت بکەن رەنگە گاڵتەیان پێ بکەن " لێرەدا فاروق مەبەست ئەوە یە کە جگەلە خۆپیشاندان ئەو چەند رێگە یەکی تر دەگرنەبەر بەلاّم لێرەدا ئەو مەبەستی ئەوەیە ئایا حکومەت تا چەند دەتوانی گوی یان بگرێت و گاڵتەیان پینەکات رەنگە زرۆ جار گەنج بتوانی لەرێگەی کردنەوەی پێشانگایەکی کاریکاتێر کاربکەنە سەر دەستەڵات بەلاّم لێرەدا فروق ئەو بۆچوونەی هەیە کە حکومەت گاڵتە بەگەنجان یان هونەرمە! ندان دەکات لەوحاڵەتەدا، رێبین فەتاح یەکێکەلەو گەنجانەی شاری هەولێرتەمەنی 20 ساڵەرۆژنامەنوسێکی چالاکە، رێبین پێی وایە خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییەی لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام دراون، گرێدراوی هەمان ئەو خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقامانەیە کە لە رابردوودا دیسان لە شار و شارۆچکەکانی باشوری کوردستان بە ئەنجام گەیەنران، لە روانگەی رێبینەوە " خۆپیشاندان لە شێوە گشتییەکەدا مانای دروست بوونی بۆشاییەك دەدات لە نێوان حکومەت و خەڵك ئەو کاتەی حکومەت یان دەسەڵاتی راپەڕاندن ناتوانێت وەك پێویست بە کارەکانی خۆی هەڵسێت یان لە بەر هۆکارگەلێکی جیاواز خواست و داواکاری کۆمەلانی خەڵك پشت گوی دەخات و هیچ بیانوویەکی نییە بۆ فەراموش کردنی ئەرکەکانی کە خۆی لە جێبەجێکردنی خواستەکانی خەڵکدا دەبینێتەوە لێرەوە خەڵك وەك دوا رێگە پەنا بۆ خۆپیشاندان! و هاتنە سەر شەقام دەبەن، ئەمە دوای ئەوەی بۆ جەماوەر دەردەکەوێت ئیدی حکومەت وەلامی خواستەکانی ناداتەوە".

ڕێبین وای بۆ دەچێت کە " خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام مافێکی ڕەوای خەڵکە و دەرئەنجامی ڕژانی جامی تورەیەئەگەر تەماشای هەموو خۆپیشاندانەکانی کوردستان بکەین دەبینین خۆپیشاندەران بە ئامانجی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان هاتوونەتە سەر شەقام، ئەمەش لە بەر ئەوەی لاوازی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نیشان دەدات لە بەرئەوە دەسەڵات بە تەقە لێکردن و گرتن وەڵامی خۆپیشاندەران دەداتەوە یان بە گێرەشێوێن و دەستی تێکدەر لە قەڵەمیان دەدات"، شەهروزمحمد کە تەمەنی 23 ساڵەوخوێندکار زانکۆیە و دانیشتووی شاری سلێمانیە شەهروز هەموو ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەشارە جیاجیاکانی کوردستاندا رووی داوە، بە دوودیوی جیاوازدا لێکی دەداتەوە، شەهروز دیووی یەکەمی پێی وایە "هەموو تاکێکی کۆمەڵ وەکو مافی سەرەتای خۆیەتی کە رەخنە لەدەستەڵات و حکومەت بگرێت و بە! ڕپرسانی دەستەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە وبێتە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان بکەن" هەروەها پێی وایە حکومەت و دەستەڵاتێك کە گوی بۆ مافەکانی هاوڵاتیان شل نەکات و داخوازیەکانی گەنجان و خەڵك جی بەجی نەکات ئەی ئەبی حکومەت چاوەرێی چی بێت لە گەنجان؟ پێشی وایە حکومەت هەرئەبێت چاوەروانی ئەوە بێت کە هاوڵاتیان بەتایبەتی گەنج وەکو منالێکی ئاقڵ و ژێر دانیشێت و گوی لە بەڵێنە درۆکانیان بگرێت، سەیری فیلمێك بکات کە حکومەت خۆی رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، شەهروز بەودیوەی تریاندا پێی وایە "خۆپیشاندانەکان تێکەڵ بوونی کۆمەڵێك خەڵك دەستبەتاڵولۆرەن کەئاراستەی خۆپیشاندانەکان ئەم کۆمەڵەش کەسانێکن کە بەرای من زۆر دوورن لە مرۆڤایەتی بەوە و زۆر دوورن لەخەڵکیکی رۆشنبیرو موسەقەف و تەنها ئەوەیان بەلاوە گرنگە کەناوی گەنج خراپ دەکەن، هەروەها شەهروز پێی وایە ئەوکەسانەی کە بەوجۆرە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان دەگۆرن "کەسانێکن کەلەلایەن حکومەتەوە دیاری کراون تاوەکو حکومەت بتوانێت لەرێگەی ئەوانەوە چاکو خراپ بەئاژاوەچی لەقەڵەم بدات"وە! هەروەها هۆکەی بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە" نەبونی سیقەی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و لێپرسراوانی یەکەئیداریەکانە کەناتوانن بەزمانێکی سەردەمانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بکەن"بەکورتی ئەمانەش بەقەدەر خەڵکی ئاژاوەچیەو تاوان بارە لەبەرامبەر یاساودادگادا، شەهروز پێی وایە حکومەت خۆی باش دەزانێت کە چی بکات تائەم وەزعە هێور بکاتەوە، حکومەت لەباتی ئەوەی ئەو کوشکانەی کەلەشارەکاندا دروستی دەکات بۆ ئامانجە کانی خۆی بابێت "بابێت کێشەی نیشتە جی بوون بۆ گەنجان وهاوڵاتیان چارەسەر بکات " حکومەت بابێت کیشەی کارەباو نەبوونی نەوت و سوتەمەنی گرانی لەبازارەکاندا چارەسەر بکات، بەڵێن هەڵەبجەی کە دانیشتووی شاری هەڵبجەیەو تەمەنی 23 ساڵە، بەڵێن پێی وایە دەرئەنجامی ئەو واقیعە دژوار و قەیراناوی یەی کە تیایدا چەمکی سیاسەت کردن تەرووی پراکتیکەوە لەنزمترین ئاستی ئیش کردنی خۆیدا و ئەوانش کە خۆیان بەهەڵسورێنەر دەزانن، هەروەها پیی وایە ئەو بەرپرسیارێتی یەکەی خۆاندان و چوار چێوەی دەستەڵاتیان لێوان لێوەکردووە لەگەندەڵی و فەوزا قەیرانی ئاڵۆزو داخراو، بەڵێن ئامازەی بە خۆپیشاندانەکان ئەم دواییە کردو ئەو پێی وایە ئاراستەی ئەو خۆپیشاندانانە جۆرێك لەتون! دوو تیژی لێکەوتەوە لەنێوان خۆپیشاندەرانو دەستەڵاتدا "ئەمە وەك کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ وابوو کە جۆرە ئیزدیواجیەتی مەترسی داری لەنێوان ئەو نەوە تازەیە و خودی ئەو دەستەڵاتەدادروستی کرد" بەڵێن پیی وانیە کە جگە لە پرۆسەی خۆپیشاندان هیچ رێگاچاریەکی گونجاو کاریگەری هەبێت لەسەر وویژدانی کۆمەڵێك خواست و داواکاری مەدەنیانە، ئەو دەڵێت دەبوو لەلایەن خودی ئەودەستەڵاتەوە هەمان پەرچەکرداری مەدەنیانە درووست ببوایە " لەدرێژەی قسەکانیدا ئامازەی بەوە دا کە ئەگەر جارێکی دیکە دووبارە ببێتەوە ئەو حاڵەتە ئەوا دەبێت لایەنی دەستەڵات لەئاستیدا خۆیدا خۆی بەکەم تەرخەم بزانێت و ئامادەیی ئەوەی تێدابێت کە لەفەوزایەکی کراوەو دیموکراسیدا هەڵوێستی یاسایانەو مەدەنیانە لەئاستیدا بنوێنن،

کارزان حەمە شەریفکە گەنجێکی تەمەن 18 ساڵە پێی وایە ئەوەی خۆپیشاندان دەکات مەبەستی نییە کاری ئاژاوەگێڕیی بکات بەڵام خەڵکانێك هەن لەنێو خۆپیشاندەراندا کە ئاستی هۆشیارییان لاوازو نزمە پێیانوایە ئەگەر دامودەزگاکانی حکومەت نەسووتێنن ئیتر هیچیان نەکردووە، کارزان بۆچونێکی سەیری هەیە و ئەو ئەوەندە بێزاری خۆی دەردەبرێت کە وەکو خۆی دەڵێت هەندێك جار کە بیر دەکەمەوە" پێم باشە رێپێوانێکی زۆر توندو تیژی تا رادەی سوتاندن و شەرەبەرد لەگەڵ دەستەڵاتدا"، چونکەکارزان پیی وایە " دەستەڵات تا شپرزەی نەکەی ناتوانی هیچ بەئەنجام بگەیەنی " بەداخەوە دەیڵێم کە ئەم کولتووری تالآن و وێرانکردنە لەولآتی ئێمەدا هەیە، " من شەخسی خۆم دژی ئەو جۆرە کارانەم" بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئیستیغلال کردنی بەرامبەر زۆر ناخۆشە کاتی ئەوە هاتووە حکوم!ەت بەخۆیدا بچێتەوە تاکو رێگە چارەیەك دابنی تا گەنجان لەبێزاریانا سەفەر نەکەن بۆ هەندەران،
ئەژین رەئوف کە تمەنی 21 ساڵەو دانیشتووی شاری سلێمانیە، ئەژی بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ توندوتیژیدا نیە بەڵام ئەو خەڵکەش چی بکات کە هیچ رێگایەکی تری بۆ نەماوەتەوە بیگرێتەبەر جگەلە توندوتیژیی، ئەژی دەڵێت" ئەگەر حکومەت بتوانی لەرێگەی گفتو گۆ لەگەڵ جەماوەردا بکات" ئەوا پێی وایە حوکمەت و هاولآتی لە هاوکێشەیەکی یەکساندا خۆیان دەبیننەوە ئەژی پیی وایە ئەمە باشترین چارەسەر بێت بۆئەوەی کە نێوان حکومەتو هاولآتی بەتایبەتی گەنج پەیوەندیەکی زۆر توندو تۆڵ بێت و هاو رابن، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بوو، "کەس گوی لەهاولآتی نەگرێت دەبێت خۆپیشاندانی قورس بکەیت"، لە هەموو دنیاشدا هەروایە خۆپیشاندان کاری توندوتیژیی تێدا دەبێت رەنگە زۆر جاریش دەستەڵات یان ئاسایشەکان شەریك بن لەو گێرە شێوێنیەدا.